



# ماکیاژکردنی چاو لە بۆ ٢٠١١





مۆدە جوانەکانی ماکیاژەکان بەچەندەها ڕێگە ئەنجام دەدرێن، ئەمەش وادەکات ببێتـــە مۆدەیەکی ڕازاوە و ناسك لەسە جەستەی خانمانەوە، یەکێك لەو ماکیاژانە بریتییـــە لە ماکیاژی چاوەکان، کە بۆ ماوەیەکی کەم گۆڕانکاری بەسەر شێوەی ماکیاژەکاندا دێ، ئەمەش وادەکات کە خانمان مۆدەکەیان بگۆڕن لە شـــێوەیەك بۆ شـــێوەیەکی دیکەوە، تازەترین مۆدەکانی ماکیاژی چاوەکان بریتییـــە لەو جۆە ماکیاژە کـــە دیمەنێکی سەرنجڕاکیش و جوان لەخۆ دەگرێ.


لەم جۆرە ماکیاژە هەوڵدراوە کە ڕەنگەکان بە سادەیی و کراوەیی بەکاربهێنرێ، ئەمەش لە کاتێکدا دەبێ کە خانمان وێڕای سەرقاڵی ماکیاژکردن، دەبێ ئاگاداری ڕەنگەکان بن، مەبەســـتیش لەوەدا ڕەنگەکان هەر یەکە جوانی خۆی ببەخشێ، لەگەڵ جوانی ئەو ڕەنگانەوە، شێوازێکی تایبەت و جوان بەخۆوە دەگرێ و دیمەنێکی ناسکیش دەبەخشێ.

# کەرەستەکانی ماڵ پێویستیان بە ڕازانەوە هەیە



ڕازاندنـــەوە و جوانکردنی شـــێوەی ناوماڵ پێویستی بە بەردەوامی و گرنگیدان و ئاگادار بوونە بەمەبەستی دانانی دیکۆرێکی ڕازاوە و کراوە لە جوانی دیکۆرەکان، چونکە ماڵ هەردەم پێویستی بە گرنگیدان و ئامادەکاری بەرچـــاوە، تەنانەت خزمەتی ڕۆژانەی وەکو ئادانـــی گوڵە، کە بەم شـــێوەیە گرنگیدان بەماڵەکان شێوازێکی تایبەتی دەوێ، یەکێك لە هەنگاوە گرنگەکان بریتییە لە ڕازاندنەوە و جوانکردنی ســـەرمێز و کەرەســـتەکانی خواردن و خواردنەوە.

تەنانەت هەندێکجار وایە، گشت کەرەستەکان تازەن، بەڵام شـــێوەیەکی نەگونجاو وادەکات جوانی ئەو کەرەستانە بمرێ و دەرنەکەوێ، ئەمـــەش وادەکات هەنگاوەکانـــت بەفیڕۆ بچن، بۆیە دانانی شـــێوەیەکی بەرچاو بۆ کەرەســـتەکان وادەکات کە نەشـــونمایەکی کراوە و ناسك ببەخشـــێ، بەتایبەت کاتێك کەرەستەکان بەیەکەوە هاوڕەنگ و شێوازێکی هاوشـــێوەیان دەبێ، وەکو چۆن لەم کەرەستە سادانە ئەو شێوە جوانەیان ئامادەکردووە.



# خەنەبەندان

**ئامادەکردنی: لۆلان ئازاد**

خەنەبەنـــدان یەکێکە لـــەداب و نەریتە کۆنەکانی کورد. کـــە لەدێر زەمانەوە لەناو کـــوردا هەبووە. خەنەبەندان بەو شـــەوە دەوترێـــت کەتیایدا بووك ماڵئاوایی لەخزمان و دۆستان و هاوڕێیان و ماڵە باوانی دەکات، کە ئەمەش شەوێك پێش ئاهەنگ و زەماوەندی گواســـتنەوەیە. لەو شەوەدا سەرجەم خزمان و هاوڕێیانـــی بووکەخان کۆدەبنەوەو خەنە دەگرنەوەو دەیدەن لەدەستیان، تا درەنگانی شەویش ئاهەنگ دەگێڕن و هەڵدەپەڕن و ئەو شەوە بەقسەی خـــۆش و ئاهەنگێڕان دەبەنەســـەر، بووکەخانیش ئامادە دەکەن بۆ ئاهەنگی گواســـتنەوە و چوونە ماڵی خۆی.

خەنەبەنـــدان، لەناوچەیەکەوە بـــۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە، بەگوێـــرەی دابونەریتی ئەو کۆمەڵگەیە دەگۆڕدرێت، بەڵام مەرجی ســـەرەکی ئەوەیە کە دەبێت خەنەکە لەسەر ناوەڕاستی سینییەك دابنرێت و چوار دەورەکەی بەمـــۆم بڕازێنرێتەوە، لەگەڵ دانانی چەنـــد گەڵایەکی ســـەوز لەدەوروبەری ســـینییەکە، وەك ڕەمزێك بۆ دەستپێکی ژیانێکی نوێ، هەندێك کەسی تر کەمێك خوێ وەك هێمایەك بۆ بەرەکەت و ڕزقی ئەو ٢ کەسە دادەنێن.

بەرپرسی فایلی ڕەنگاوڕەنگ: ئیوان گەردی
Email: iwan_gardi@hotmail.com
Mobile: 07504679560


# جلی بووکێنی بە پەڕپەڕ مۆدەیەکی تازەیە بۆ خانمانی بووک




جلوبەرگەکان بە چەندین شێوەی
جیاواز کاری بـــۆ دەکرێ و لە
نزیکەوە دیزاینەرەکان شـــێوازی
تـــازە لە جوانـــی جلەکاندا بەدی
دەکەن، لەگەڵ ئەوەی مۆدەیەکی
تایبەت و شاراوە لەخۆ دەگرن،
کەچی خانمان لەشێوەو جۆری
جلەکە یان ئەو جۆرە نەخشەیەی
تیایدا بەکاری دەهێنن ئاشـــنا
دەبـــن، دەزانـــن چۆنیەتی
گونجاندنـــی نێـــوان
جلەکان و شـــێوازە
تـــازەکان دابیـــن
بکەن، جلەکانی
بـــو و ك

ڕەنگدانەوەی جوانـــی بووکەکان دەبێ هەرلەیەکەمین ڕۆژی ئاهەنگەوە. لەگەڵ هەر مۆدەیەکی تازەی جلەکانی بووکدا، شـــێوەیەکی تایبـــەت لەخۆوە دەگـــرێ، ئەم مۆدانەش دەبن بە یەکێك لەجوانتریـــن مۆدەکانی جلی بووکانێ، ئەو مۆدە تازانەی جلی بووك، شێوەی خوارەوەی لەنەخشی پەڕپەڕ پێکهاتووە، سەرەتا لەسەرەوە بێ قۆڵە و بەرەو خوارەوە گەورە دەبێ و تاوەکو شێوەی دەکرێتەوە و ئەمەش بەچەندین نەخشـــی لەســـەر یەکتر شـــێوازێکی جوان و ڕازاوە لەخۆ دەگرێ، تەنانەت شـــێوەی نەخشەکان جوانییەکی گشتی دەردەخات و شێوەی سەرەوە ڕادەکێشێت.

# چۆن نینۆکەکانت دەڕازێنیتەوە










بەهەنـــگاوەکان دەتوانیـــن جوانتریـــن کاری ماکیاژ ئەنجام بدەین کە شـــیاوی جوانی و ناســـکی دەبێ، یەکێك لەوانـــە بریتییە لەبۆیەکردنی نینۆکەکانی قاچ کـــە جوانییەکی تایبەت دەبەخشـــێتە خانمان، لەگەڵ ئەوەی جوانی نینۆکـــەکان دیمەنێکی ڕازاوەی هەیە، بۆیە دەکرێ ســـوودیان لێوەربگرین، پێویســـتە تۆی خانمیش گرنگییەکی تایبـــەت بە نینۆکەکانت بدەیت و قاچەکانت لە قڵیشـــان و پێســـتی مردوو بپارێزیت، هەمیشـــەیش بە بۆیەی ڕەنگاوڕەنگ بیانڕازێنیتەوە، لێرەدا بەوێنە چەند هەنگاوێکتان نیشـــان دەدەین، کە دەبێتـــە هەنگاوێکی کراوە و جوان بۆ نینۆکەکانت، لەم ڕێگەیەوە دەتوانن نەخشێکی جوان بەشێوەی خاڵ خاڵ، بەســـەر نینۆکی قاچەکانتان وەدەربخەن و جوانییەکی کـــراوەش دەبەخشـــێ، کـــە لـــەم وەرزەدا نینۆکەکان بەدەردەکەون.



# ساڵی (٢٠١١)یەو ئافرەتیش دارکاری دەکرێ!



ساڵی (٢٠١١) ساڵی پێشکەوتن و فەیسبووك و تەکنۆلۆژیای سەردەمە، ساڵی خێرایی گەیاندن و تازەگەری و داهێنان و ساڵی ڕاپەڕینە، کەچی وادیارە لە ئەندنووسیا چەندەها سەدە بەرەو دواوە هەنگاویان ناوە، تازە بە تازە بەدوای یاسا کۆنەکان ڕۆیشتوونەتەوە و ڕابردووی کۆن دەهێننە ئەمڕۆی ژیان، بەهۆی ئەوەی ئافرەتێك لەو وڵاتە لەگەڵ پیاوێکی دیکە پێوەندییەکی خۆشەویستی هەبووە، دوای ئەوەی ئاشکرا دەبێ، لە پێش دوو هەزار کەس دارکاری کرا، ئەوەی دەیبینن دیمەنێکی کاریگەر و سەیرە، کە دارکاری ئافرەتێکی لەم جۆرە بکرێ لە بەردەم ئەو کۆمەڵە خەڵکە، هێشتا ئاسایی تر دەبوو ئەگەر دارکارییەکە لەبەرچاوی خەڵکەوە نەبووایە، بەڵام ئەو دارکاری و ڕێکلام کردنە تەنیا لە پێناو پێوەندییەکی سادە..



## خۆم دەکەم بە ئەساڵە!

زۆرن ئەوانەی لاسایی کەسایەتی جیهانی و هونەرمەندان و کەسە ناودارەکان دەکەنەوە، ئەمەش زیاتر لەلایەن کچانەوە باوی هەیە، کە هەست دەکەن شێوەیان دەچێتە سەر هونەرمەندێك یان ئەکتەرێك، کەچی وادیارە لەلای ئەو گەنجەوە کارەکان ئاساییە و بەدڵی خۆی شێوەی خۆی دەگۆڕێت بۆ سەرشێوەی کەسایەتی دیکەوە، ئەو کوڕە گەنجە لەوڵاتی سوریا دەژی، پێشتر شێوەی چۆتە سەر (نانسی عەجرەم) بەهۆی ئەوەی خۆی حەزی بە (ئەساڵە)یە، بۆیە هەڵساوە بە ئەنجامدانی (١٦) نەشتەرگەری بۆ ئەوەی شێوەی بچێتە سەر شێوەی ئەساڵە، ئەو کوڕە ناوی (لەیس)ە بەرەگەز کوڕە و خەڵکی سوریایە، تا ئێستا بڕی (٣٥٠٠) واتە سێ دەفتەر و پەنجا وەرەقە دۆلاری لە نەشتەرگەری خەرج کردووە بۆ ئەوەی شێوەی بچێتە سەر شێوەی هونەرمەندی سووری (ئەساڵە).



## نیکۆڵ ڕۆڵی پیاوێک دەگێڕێت

خانمە ئەکتەری ئوستورالی (نیکۆڵ کیدمان) ڕەزامەندی نواندووە لەسەر بینینی ڕۆڵی پیاوێك کە خۆی دەکات بەئافرەت، ئەمەش لەفیلمێکی تازەدا کە نیکۆڵ بەشداری تێدا دەکات، لەسەرەتادا ڕازی نەبووە، بەڵام دوای خوێندنەوەی دەقی سیناریۆکە، بۆی دەرکەوت گەورەیی ئافرەت لە چیدایە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی دوو ڕۆڵ ببینێ لە فیلمێکدا، ئەم فیلمە لە وەرزی هاویندا لە وڵاتی ئەڵمانیا تۆمار دەکرێ و دەبێتە فیلمێکی سەرنجڕاکێش و کۆمەڵایەتی.

# کچ گەنم و کوڕیش جۆ!

راستە دەڵێن کچان وەك گەنمن و کوڕانیش وەك جۆ، ئەمە وتەی پێشینانە مەبەست لە گەشـــەکردن و گەورە بوونە، بەهۆی ئەوەی کچ زوو باڵای درێژ دەبێ و دواتر کوڕ بـــاڵای لە کچ درێژتر دەبێ، بەڵام کەسێك نییە شان لە شـــانی ئەو خانمە تایلەندییە بدات، چونکە خاوەن باڵایەکی ئەوەندە بەرزە، تەنانەت بەدرێژترین کچە هەرزەکاری جیهان دادەنرێ.

(مالـــی دوانجی) کـــە کچێکی وڵاتی تایلەندایـــە و تەمەنـــی (١٦) ســـاڵە، درێژی باڵای (٢١٠) سەنتیمەترە، واتە زیاتـــر لە دوو مەتـــر، ئەمەو هۆی ئەو درێژییە بەهۆی وەرەمێکە کە لەمێشکیدا هەیە و بەهۆی ئەوەوە پاڵەپەستۆ دەخاتە ســـەر کۆئەندامی گەشـــەکردن و بۆیە باڵای بەم شێوەیە درێژبووە، وەکو دەبینن لەگەڵ هاوڕێکانی وەستاوە، دەڵێی دایك و مندالن.





# دار و باریش کچی خۆشدەوێ!

کارە ســـەیرەکان بـــە چەندین شـــێوەی جوانەوە دەردەکـــەون، وەکو دەزانین کچ خۆشەویســـتە لای کوڕان، کەچی وادیارە لای دارو باریش خۆشەویست بووە، ئەوەی دەیبینن دارێکە کە لق و پۆپی لەســـەر شێوەی کچانەوە رواوە، شێوەی دارەکە لەشێوەی کچێکی سەمارکەر دەچێ، کە دەســـتەکانی بەرەو دواوە یان بەرەو ئاسمانەوە بەرز کردۆتەوە و قاچەکانی بەرەو پێشەوە هاتووە.

# گۆلکێکی دوو سەر و یەک جەستە

زۆر حاڵەتمان بڵاوکردۆتەوە کە گیانداری دوو سەر یان زیاتر لە دوو ســـەیریان هەبێ و بە جەستەیەك، کەچی بەم دواییە حاڵەتێکی دیکەش لە گیانداری جەستەیەك و دوو ســـەرەوە دەرکەوتووە، کە ئەوەش دەبێتـــە یەکێك لە حاڵەتە ســـەیرەکان کە جێگەی سەرســـوڕمانی و نیگەرانـــی خەڵکـــە، ئەوەتا لە وڵاتی سودان هاووڵاتییەکی ئەو وڵاتە بوو بەخاوەن گۆلکێکی دوو ســـەر، واتە لـــە داهاتوودا گەر ئەو گۆلکە گەورەبێ و ســـەر ببڕدرێت، دەبێتە خاوەن دوو سەرکە گا، ئەمەو گۆلکەکە جەستەی بەبێ هیچ کێشەیەکی تەندروستیە و ئاســـاییە، تەنانەت لە سەرەوە دوو ســـەری هەیە، ئەوەی ســـەیرە تا ئێستا نەزانراوە کامە ســـەر کۆنترۆڵی جەستەکە دەکات، کەچی خواردن و خواردنەوەیان دەچێتە ناو یەك گەدەوە.





# وێنەیەک لە بەهاری کوردستان

دیمەنەکانی کوردستان بە گشت شوێنێکیانەوە جوانە، ئەوەی دەیبینن وێنەیەکە لە پارکی سامی عەبدولرەحمان وەرگیراوە لەشاری هەولێر، کە گوزارشت لە وەرزی جوانی بەهار و گوڵە ڕەنگاوڕەنگ و بۆن خۆشەکانی ئەو پارکە ڕازاوەیە دەکات.

## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی شارێکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتت بۆ دەربچێ .

ا ن ر ا ك ش م

وەڵامی ژمارەی پێشوو (زۆیا)




**برنادشۆ (گەورە نووسەری ئیرلەندی) دەڵێ: نوکتە بچووکترین بەشی ئەدەبیانە!**

-جارێکیان لە یەکێکیان پرسی، مەلە دەزانی؟
ئەویش لە خۆیەوە وتی: لەناو ئاو!

***


- یەکێك بەباوکی دەڵێت بابە من حەز دەکەم نەنکم بهێنم. باوکی دەڵێت چۆن دەبێت کوڕم ئەمجارە قسەی وا بکەیت دەتکوژم. دەڵێت بۆ ئاخر؟ دەڵێت تۆ چۆن شتی وا دەکەیت ئەوە دایکی منە. ئەویش دەڵێت ئەی بۆ تۆ دایکی منت هێناوە و من هیچ قسەیەک ناکەم!

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩




ئەمڕۆ پێویستیت بەوە هەیە زۆر ئارام بیت و لەهەڵچوون بەدوور بیت، ئەگینا ئەو دەستکەوتانەی کەهەوڵت بۆ داون و بەماندوبوونێکی زۆر بەدەستت هێناون، لەدەستی دەدەیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠




هیواو ئاواتی نوێت لا دروست دەبێت و دەرگاکان بەڕووتدا دەکرێنەوە، پێشنیازەکانت بخەرە بەردەم لێپرسراوانی کاروبارەکانت، ڕەنگە گوێت لێ بگیرێت، چارەسەر بۆ کێشەکانت بدۆزەرەوە.

### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



لەبواری کارەوە ڕووبەڕووی حەسادەت دەبیت و پێویستە ئاگاداری خۆت بیت، هەندێك لە ڕکابەرەکانت کێشەت بۆ دروست دەکەن، ئاگاداربە هیچ کەس کۆنترۆڵت نەکات، دووركەرەوە لەچالاکی زۆر و گران.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢




ڕەزامەندی لەسەر هیچ کارێك مەکە کە پێوەندی بەدوا ڕۆژتەوە هەبێت لەم ماوەیەدا، ئارام بەو پرس و ڕاوێژ بەکەسانی لەخۆت گەورەتر و بەئەزموون بکە، ڕەنگە هەفتەی دابێت کات لەبار بێت بۆ ئەم کارانە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢



ئیش و کارەکانت وەکو ئەوەی بەرنامەت بۆ داناون بەڕێوە ناچێت، بۆیە تووشی نائومێدی و دڵەڕاوکێ دەبیت، پێویستیت بە پشوودان دەبێت، هەوڵبدە هێمنی خۆت لەدەست نەدەیت، کەمێك پشوودان سوودت پێ دەگەیەنێت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



ئەم ماوەیە بەرە بەرە ڕووەو تەنیایی هەنگاو هەڵدەگریت بەبێ ئەوەی خۆت هەستی پێبکەیت، ئاگاداربە نائومێدی بەسەرتا زاڵ نەبێت.

## جیاوازی وێنە!

بۆ زانینی ئاستی زیرەکی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند جیاوازییەك لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە







**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

زیاتر لەگەڵ بارودۆخ دەگونجێیت، بەڵام هەندێك گیروگرفت سەرهەڵدەدەن کە پێوەندی بە باری کەسێتی و کاروبارتەوە هەیە، بۆیە هەست بە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی زۆر دەکەیت، بەڵام زوو چارەسەر دەبێت.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

کەمێك پشوو بدەو بەدوای ئاشتی و ئارامیدا بگەڕێ و دووریش بکەوە لەناکۆکی و مشتومڕ، پێویستیت بەکەمێك ساردبوونەو هێمنی هەیە، لەهەندێ هاوڕێی دڵسۆز نزیك بەرەوە.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

ئەو قسانەی کە ئەم ماوەیەی دوایی گوێبیستی بوویت، مەرج نییە هەمووی ڕاست بێت، بۆیە باش نییە لەخۆڕا بڕیار بدەیت بێ ئەوەی لەڕاستی مەسەلەکان دڵنیا بیت.




**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

لەوانەیە ڕووداوێکی گرنگ لە ژیانت ڕووبدات کە کاریگەری لەسەر ژیانت دەبێت و پێوەندی بەسەرکەوتن و گونجاندن و ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی ژیانتەوە هەبێت.




**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

لەگشت بوارەکانی ژیاندا پێویستە وریا بیت بەتایبەتی ئیمڕۆ، خەریکی چارەسەرکردنی کێشەیەکیت -زۆر پەلە مەکە، چونکە ئەم کات و ساتە بۆ تۆ جێگەی بێ ئومێدییە.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

لە ژیانی کۆمەڵایەتیتدا ئەوەندە نەرم مەبە، چونکە کەسانێك هەن دەیانەوێ ژیانت تێك بدەن و تۆیان خۆش ناوێت، بەئەنقەست بیروڕاکانی تۆ ناشیرین دەکەن، بەهەموو شتێك خۆت هەڵنەفریوێنی.



ئا: فەرهاد محەمەد نازگەیی

## ئاسۆیی:

١- شاعیرێکی کوردبوو- شاعیرێکی کوردبوو(پ).
٢- کچە گۆرانیبێژێکی کوردە(پ)- چیایەکی کوردستانە.
٣- ڤایرۆسە کۆمپیۆتەر- ئامێرێکی مۆسیقایە- دژی مێ
٤- جۆرە مەشروبێکە- شاعیرێکی کوردبوو- وەك ویەك.
٥- جۆرە ئامێرێکی تەلەڤزیۆنە(پ).
٦- سێ پیتی تایت- سێ پیتی گەیارە- پین(ت).
٧- فەیلەسوفێکی فەرەنسی بوو(پ)- شاعیرێکی کوردبوو.
٨-قارەمانێکی کوردبوو(پ)- کاری تێکەڵاو.
٩- دوو پیتی حوسێن- خۆم.
١٠- شارێکە لە فەلەستین- کچە گۆرانیبێژێکی کوردە(پ).
١١- شارێکە لە سعودیە(پ)- پایتەختی وڵاتێکی عەرەبییە(پ).

## ستوونی:

١- گۆرانیبێژێکی کوردە خاوەن وێنەکە.
٢- شاعیرێکی کوردبوو(پ)- یاریزانێکی هەڵبژاردەی مالییە(پ).
٣- گۆڤارێکی کوردییە- وڵاتێکی ئەفریقییە- نیوەی فەخر.
٤-دوو پیتی ژوور- دووپیتی هانا- ڕۆژنامەیەکی ئیسپانییە(پ).
٥- ناوێکی کچانە(پ).
٦- زمانێکە.
٧-شاعیرێکی کوردبوو(پ).
٨- نیوەی شەکر- نیوەی ڕەیان- کچە گۆرانیبێژێکی کوردە(پ).
٩- دژی نوێ- یارییەکی وەرزشییە-پرس.
١٠- شاعیرێکی کوردە(پ)- هاوینەهەوارێکی کوردستانە.
١١- نووسەرێکی کوردە.

## ماناى شتەکان لە خەوندا

ژەهر: لە خەودا پارەیە، یەکێك ژەهر بخوات و گیانی بئاوسێ ئەوەندەی ئاوسانەکە پارەی بۆ دێت، ئەگەر هیچی لێ نەیەت ئەوە خەم و خەفەتە، ژەهری کوشندە مانای مردنە، هەروەها ئەوەی ژەهر بخوات غەمبار دەبێت، ئەوەی ببینێ ژەهر دەخوات تەمەن درێژ دەبێت، ئەوەی ژەهر بداتە خەڵکی تر ئەوە زینا دەکات.

سەرچاوە: خەوننامە

## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (هەورامان) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (شتێکی سروشتییە، بۆنی خۆشە، ڕەنگی جوانی هەیە، لە باخچەیە
- پیتی خانەکانی (٢+٣+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (شارێکە لە کوردستانی تورکیا)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٥) کۆبکەیتەوە بە مانای (بەشێکە لە جەستەی مرۆڤ هەیە)
- پیتی خانەکانی (٣+٤ ) کۆ بکەیتەوە بە مانای (نا بە زمانی عەرەبی)